# پۆل بریمەر لەبەردەم لێکۆڵینەوەیەکی دارایی کۆنگرێسدا

و: محەمەدی مشیر

رێککەوتی 6 /2 ی رابردوو بەرهەڵستکارە دیموکراتەکانی سەرۆکی ئەمریکا (جۆرج بۆش) لەکۆنگرێسدا لێکۆڵینەوەیەکی داراییان کردەوە لەمەڕ بەفیڕۆدانی ملیارەها دۆلار کە بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق تەرخان کرابوو لەسەردەمی پۆل بریمەردا.
سەرۆکی دیموکراتخوازی لێژنەی ریفۆرمی حکومەت لەئەنجومەنی نوێنەراندا (هێنری واکسمان) سەبارەت بەم لێکۆڵینەوەیە دەڵێ:( لە پایزی رابردوودا هەندێ راپۆرتی ترسناکمان پێگەیشت کەگوایە هەندێ لە دۆستو هاوپەیمانانی کۆشکی سپی، لەوانەی نەتایبەتمەندییان هەیەو نە شارەزایی سیاسی لەنێو دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی عێراقدا بوون، لەو کاتەیدا کە پۆل بریمەر لەئایاری 2003 ەوە تاکو حوزەیرانی 2004 سەرکردایەتی دەکرد). لەدرێژەی قسەکانیدا (واکسمان) دەڵێ: (ئامانجمان هەڵسەنگاندنی کارکانی دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتیەو، لە دانیشتنەکانی گوێگرتن لە بریمەردا دەگەینە راستی ئەو دەنگۆیانەو بۆمان بەدیار دەکەوێ کە نەبوونی لێهاتوویی‌ودۆستایەتی سیاسی تا چەند رۆڵیان هەبووە لەخراپبونی بارودۆخی عێراقدا).
ئەمە یەکەمین جارە بریمەر بەمەبەستی لێکۆڵینەوە بانگهێشتی دانیشتنەکانی کۆنگرێس بکرێت، دوای ئەوەی کە بۆش لەکانوونی یەکەمی 2004 دا (میدالیای ئازادیی سەرۆکایەتی) پێبەخشیبوو وەك پاداشتێك بۆ کارەکانی لە عێراقدا.
لەمبارەیەوە (لایسی کلای) دیموکراتخواز دەڵێ: (دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی بنەمای پتەوی داڕشت بۆ بەفیڕۆدانو قاچاندنەوە لە عێراقدا، چونکە لێپێچینەوەو شەفافیەتی نەبوو).
شایانی باسە بریمەر لەقسەکانیدا بەرامبەر بە لیژنەی لێکۆڵینەوە دەڵێ: (لەو باوەڕەدام کە ئەو پلانەی بەر لەجەنگ دارێژرا گونجاو نەبوو)، بەمەشیان دان بەوەدادەنێ کە ئەوکات کێشە لەئارادا هەبووە، لەلایەکی دیکەدا بریمەر بەشێکی زۆری بەرپرسیارەتی ئەو هەڵانەی کە ئێستا لەلایەن دیموکراتخوازەکانەوە دەخرێنە ئەستۆی، دەخاتە ئەستۆی ئەو عێراقییانەی راسپێردرابوون بڕیارەکانی دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی جێبەجێبکەن.
لەبارەی سیاسەتی (ریشەکێشکردنی بەعس)، کەیەکێك بوو لەبڕیارەکانی بریمەرو تا ئێستاش مشتومڕێکی زۆری لەسەرەو بەهۆکارێکی بنەڕەتی دادەنرێت لە تەشەنەکردنی توندوتیژی لە عێراقدا، بریمەر لەوەڵامی لێژنەکەدا دەڵێ: ((لەبنەڕەتدا وا پێویست بوو تەنها (1٪ )ی ئەندامانی حزبی بەعسی دەسەڵاتدار بگرێتەوە، هەڵەم کرد کاتێك ئەم پڕۆسەیەم دایە دەست بەرپرسانی عێراق کە چوارچێوەکەیان زۆر فراوانکرد).
لەدانیشتنەکەدا باسی بڕیاری لێکهەڵوەشاندنەوەی سوپای پێشووی عێراق خرایە روو، لەمەشیاندا بریمەر دانیپێدانا کە نەدەبوایە مانگێك دوابکەوێو مووچەی ئەو ئەفسەرە خانەنشینکراوانە دوابخات کە ئەوکات بەتوندی نارەزایەتی خۆیان دەربڕی. لەکۆتایی دانیشتنەکەیدا کۆنگرێس بە تێرو تەسەلی لەبارەی (ونبوونی) نزیکەی 9 ملیار دۆلاری پرسی کە لەسەردەمی ئەودا لە عێراق ونبووەو دەرەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی دارایی فەرمی ئاشکرا کراوە کە لەکانوونی دووەمی 2005 دا ئەنجامدراوە. لەوەڵامدا بریمەر پاساو دێنێتەوەو دەڵێ: (کەسێك ناناسم کە کاتێکی باشی لە عێراقا بردبێتە سەرو لەو باوەڕەدابێ کە دەکرا لەو هەلومەرجەی کارمان لەسایەیدا دەکرد، چاودێریەکی ورد بخەینە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو بڕە پارانەی دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی بەسەر بەرپرسانی عێراقدا دابەشی کردبوون).
بەڵام سەرپەرشتیارو وروژێنەری لێکۆڵینەوەی دارایی، پشکێنەری گشتی راسپێرراو بەپڕۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق، (ستیوارت باون) لەکاتی گەواهیدانەکەیدا بەرامبەر بەلێژنەکە، سەبارەت بەو قسانەی بریمەر دەڵێ: ( ئەم بارودۆخە بەبۆچوونی من پێویستی بەچاودێریەکی پتر هەبوو، بەم ئالیەتە دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی دەیتوانی ئاگادار بێت لە چۆنیەتی بەکارهێنانی مالیات).
ماوەتەوە بگوترێ کە کۆمارییەکان لەو باوەڕەدان کەوا دیموکراتەکان مەبەستیانە لەو دانیشتنانەی کە هەفتەیەك دەخایەنێ، ئەو گرێدەرە سەربازییانە ئاشکرا بکەن کە لەعێراقدا کاریان کردووە.

*سەرچاوە: میدل ئیست ئۆنلاین
2007 / 2 / 7